تیمەکانی فریاکەوتن لە فەڕەنسا دوو تەرمیان دۆزییەوە لەنێو چەند قوربانییەک لەژێر وەرانەی باڵاخانەیەک



تیمەکانی فریاکەوتن لە شاری مارسیلیای باشوری فەڕەنسا دوو تەرمیان دۆزیەوە لەنێوان هەشت کەسدا لەژێر وەرانەی باڵاخانەیەک کە گومانیان لێدەکرێت بێسەروشوێن بن، ئەمەش دوای 24 کاتژمێر لە تەقینەوەیەک کە بووە هۆی ڕووخانی باڵەخانەیەکی چوار نهۆمی.

تیمەکانی ئاگرکوژێنەوەی فەڕەنسا ئەمڕۆ دووشەممە ڕایانگەیاند، دوو لاشە دۆزراونەتەوە، بەڵام بەهۆی سەختییەکانی پرۆسەی ڕزگارکردن، دەرکردنی تەرمەکان لە شوێنەکە کاتی دەوێت.